# ئەمریکا خۆی زەرقاوی دروستکرد و هەر خۆیشی کوشتی

دوێنێ زەرقاوی تیرۆریست لە کردەوەیەکی سەربازیدا بە دەستی هێزەکانی ئەمریکا کوژرا. 3 ساله ئەمریکا بە جەنگو داگیرکاری ئەم کۆمەلگایەی گۆریوە بە مەیدانیکی جەنگی تیرۆریستی خۆی لەگەل ئیسلامی سیاسی، لەم نیوەشدا دەیان هەزار مندالو پیرو لاوی بێ تاوان بوون بە قوربانی ئەم جەنگە تیرۆریستیە. ئەمریکا خۆی زەرقاوی دروستکردو خۆی مەیدانی تیرۆریستی بۆ کردەوە، کەچی جەنابی بوش دەیەوێ کوشتنی ئەو وەکو دەسکەوتیکی گەورە لە ریگای سەقامگیرکردنی دیموکراسیدا دەرخواردی خەلك بدات.

بێگومان دنیا بە بەبی زەرقاویەکان، دنیایەکی ئارامترو ئاسودەترو ئاسایشتر دەبیت. بەلام بۆ ئەم مەبەستە دەبی هەموو کۆمەلگا لە زەرقاویەکانو هەموو تیرۆریستەکان پاکبکریتەوە. لەم بارەیەوە دەولەتی ئەمریکا خۆی گەورەترین جەمسەری تیرۆریستیە نەك هەر لە عیراقدا بەلکو لە هەموو دنیادا. ئەوە هەر خودی ئەمریکایە کە بە بەرپاکردنی جەنگو داگیرکاری، گەورەترین زەمینەو سەرچاوەی بەرهەم هینانی تیرۆریزمو زەرقاویەکانی خولقاندوە.

بوش خۆی وەکو تاوانباری سەرەکی جەنگ، ناتوانێ بە کوشتنی تیرۆریستەکانی پەروەردەی دەستی خۆی، خۆل بکاتە چاوی خەلكو ئەو راستیە لە چاوی خەلك بشاریتەوە، کە بۆ ئەوەی کۆمەلگا لە تیرۆریزم رزگاری بیتو ئاسایش بە خۆیەوە بگریت، پیش هەموو شتیك دەبێ هیزەکانی ئەمریکا بکرینە دەرەوە. ئەمە ئەرکی بەرەی ئازادیو سکولاریزمە. کۆنگرەی ئازادی عیراق بەدیلو چوارچیوەو ئامرازی کارسازی ئەم کارەیە، جەماوەری خەلك دەبی لە دەوری کۆبنەوە.

## مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق

2006-9-8